# ئێدوارد بێرنشتاین
## سۆسیال دیموکراسی

**فرید سیاوش**
**لەفارسییەوە: مستەفا زاهیدی**



ئێدوارد بێرنشتاین،لە ١٨ی دیسەمبەری ١٩٣٢ لە تەمەنی ٨٢ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. لە سەر ئەو باوەڕە بوو کە دەبێ گۆڕان لە بنەماکانی مارکسیزمدا بکرێ، بۆیە تا کاتی مەرگی کۆمۆنیستەکان بە کەسێکیان دەزانی کە لە بۆچوونی مارکسیتی لای داوە.

بێرنشتاین ،رۆژنامەنووسی ئەڵمانی ، سەرەتا بە تەواو مانا لایەنگری مارکسیسزم (سۆسیالیزمی زانستی) بوو، سۆسیالیزمی زانستی بە تەنها ڕێگای رزگاری مرۆڤەکان لە دەست هەژاری، شەر، خەم و وێرانی دەزانی و لەبەر ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە، نەیتوانی لە ئەڵمانیا درێژە بە کاری رۆژنامەنووسی بدات، هەر بۆیە چووە بەریتانیاو بۆ ماوەی ٢١ ساڵ لەوێ درێژەی بە

کاری ڕۆژنامەنووسی دا. بە لەبەرچاو گرتنی دەروونناسی مرۆڤ، بێرنشتاین دواتر بەشێك لە بنەماكانی ماركسیزمی بە نازانستی زانی و دەستیكرد بە بڵاوكردنەوەی بۆچوونەكانی خۆی دەربـــارەی سۆسیال دیموكراسی (Der Sozial Demokrat)

یەكێكە لەو خاڵانەی كە ببوو بەهۆی جیاوازی بۆچوونەكانی بێرنشتاین لەگەڵ ماركسیسزم ئـەوە بـوو، كە بێرنشتاین لە سەر ئەو بـاوەڕە بوو كە نابێ چینی مامناوەند لە كۆمەڵگا بسـڕدرێتـەوە، ئـەو ئەنجامەی كە لە چیندا لە ئەزموونێكدا لە ساڵی ١٩٨٢ەوە دەستپێكردووەو بوو بە هۆی ئـەوەی ژمارەیەكی تریش لـە حیزبە كۆمۆنیستەكانی دنیا لەبەرچاوی بگرن و باوەڕیانهێناوە بەوەی كە بینای سۆسیالیزم دەبێ ئارام ئارام، دەست پێكات و دەست پێكەكەی لە سۆسیال دیموكراسییەوە بێت.

خاڵێكی تری جیاوازی بۆچوونەكانی بێرنشتاین لـەگـەڵ ماركسیسزم ئەوەبوو كە بێرنشتاین لە سەر ئەو بـاوەڕە نەبوو كە كەپیتالیزم بە هۆی ناكۆكییە دەروونییەكانیەوە دەڕووخـــێ. بـەپـێـی گـریمـانـەی بێرنشتاین، چینی زەحمەتكێشی كۆمەڵگایەك سـەرەتـا دەبــێ ئاگا بكرێتەوە، گەشە بكات و لە درێژ ماوەدا ببێ بە قورسایەكی سیاسی و لە ڕێگای دیموكراتیكەوە بگاتە دەسەڵات، یان ئەوەی ببێ بە هێزێكی گەورە لە دەسەڵاتداو لەم شوێنەوە هەوڵبدات بۆ ڕووخانی بونیادەكانی كەپیتالیزم. ئـەو كاتە سۆسیال دیموكراسی دەست پێدەكات و دواتر هەنگاو بە هەنگاو، سۆسیالیزم جێگای دەگـرێـتـەوەو لە ڕەوتــی ڕەتبوون لـە قۆناغەكاندا دەبــێ ئـاگـاداری ئۆپۆرتۆنیستەكان بین، كە دەست نەخەنە نـاو كـارەكـانـەوە، چونكە هاتنیان و بەشداریكردنیان ڕەوتی گەشە بـە لارێـدا دەبـات (دەیان سـاڵ دواتــر شكستی سۆسیالیزم لە سۆڤیەت و ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا، ڕاستبوونی مەترسیەكەی بێرنشتاینی خستە ڕوو)، كە بـەردەوام ئاگاداری دەكردنەوە نەوەك ئۆپۆرتۆنیستەكان بتوانن هێزی دەستتێوەردانیان ببێت. یەكێ لەو نموونانەی ئەو دەیهێنێتەوە بەم شێوەیە، ڕاوچی لێزان سەرەتا ڕاوەكـــەی خـۆی مـانـدوو دەكـات و كوشتنی نێچیری ماندو كارێكی ئاسانە، بەڵام دەبێ ئاگادار بین لەم هەلو مەرجەدا هەر تاك و گرووپێك دەیـەوێ ڕاوبیكات. دەبێ ئاگاداری هەل پـەرەستەكان بین.

بێرنشتاین لە سـەر ئـەو بـاوەڕەیـە تەنها بـە هاتنە مـەیـدانـی هێزی كرێكار لە ناوەندەكانی دەسەڵاتدا، ناتوانین بینای كەپتالیزم بروخێنین، بـە شـێـوەیـەك كـە نـەكرێ دروست بـكـرێـتـەوە. دەبــێ هـاوكـات كـارە خراپەكان تایبەتمەندییە خراپەكانی كەپتالیزم بۆ ئەو خەڵكانە ئاشكرا بكەین كە ئاگادار نین، بۆ ئەوەی ڕەگـەكـانـی كەپتالیزم لـە زەینی خەڵكدا بسرینەوەو بۆ ئەم مەبەستە پێویستمان بە ڕووناكبیرانە. كەوایە لەم ڕەوتی خەباتەدا پێویستمان بە چینێكی ڕۆشنگەرە لەوانە ڕۆژنامە نووسەكان،نووسەرەكان بە تایبەت چیرۆكنووسان كە خەڵك قسەیان لـێـوەردەگـرن، دەرهـێـنـەرەكـانـی سینەماو شانۆ.

بێرنشتاین دەوری ڕووناكبیرەكان (نووسەر، ڕۆژنامەنووس، هونەرمەند، مامۆستا) لـە وێـرانـكـردنـی بینای كەپتالیزم و داگیركاری و هەر چەشنە بونیادێكی زاڵم كاریگەرتر لە هەر هۆكارێكی تر دەزانی و وێرانكردنی ئەو بونیادانە بە قەڵەم ، نووسین و هونەر بە شێوەی كە دروست ناكرێنەوە، چونكە نووسراوەكانی و دەربڕینەكان لـە زەیـنـی خـەڵـكـدا دەمـێـنـنـەوەو دەیانكەن بە دوژمنی هەتاهەتایی زاڵمان و بۆرژواكان. بە پێی بۆچوونی بێرنشتاین، كتێبی وتارێكی بە بەڵگە شـانـۆیـەك و دیمـەنـێـك و تەنانەت كۆپلەیەك شیعر، یان كاریكاتێری دەتــوانــێ كـۆمـەڵـگـایـەك بـگـۆڕێ و ئامادەیان بكات بۆ قبووڵكردنی هەر چەشنە گۆڕانێك. بێرنشتاین لە شیكردنەوەی ئەم بۆچوونەی خۆیدا دەڵـێـت "تا چینی زەحمەتكێش نیگەرانی دابینكردنی بژیوی ڕۆژانەی بێت و ئاگاداری داهاتوو و مافەكانی خۆی نەبێت و نەڕواتە كۆڕ و جیهانی نووسین و تریبۆنەوە، ناتوانێ هیوای بە سەركەوتن هەبێت. نابێ بكەوینە شەڕ لەگەڵ چینی مامناوەندی كە لە باری ژمـارەوە زیاترە لە هەموو چینەكانی تر، چونكە بە بێ یارمەتی وەرگـرتـن لـەم چینە سەركەوتنی چینی زەحمەتكێش و چەوساوە بێ ئەگەرە، چونكە چینی باڵادەست هێزی سەركوتی زەحمەتكێشەكان لە چینی مامناوەندەوە بە دەست دێنێ، بێگومان بەبێ بوونی وەها هۆكارێ ناتوانێ درێژە بە دەسەڵاتی خۆی بدات.

بە واتایەكی تر چینی سەرەوە كە

پارێزەری کەپیتالیزمە بە ئەسپی چینی مامناوەند غار دەکات، کەوایە تا چینی مامناوەند کە لە دوو چینی تر زانست، لێهاتووی و کارامەیی زۆرترە، کارەکانی چینی یەکەم لە ڕێگای ئەوەوە بەڕێوە دەچێ، تا دڵنیا نەبێت بە رووخانی کەپیتالیزم بەرژوەندییەکانی لە دەستنادات، ئەستەمە بە تەواوەتی بکەوێتە خزمەت چینی زەحمەتکێشەوە، کەوایە هەر سۆسیالیست خوازێک دەبێ چینی مامناوەند بۆ لای خۆی رابکێشێ و ئەنجامی ئەم کارە سۆسیال دیموکراسییە، واتە ڕێگای قەدبڕ، کە دوای ئەوەی هێزی پەیداکرد ناچارە بەرەو سۆسیالیزم بجولێت، چونکە وەها شۆڕشێك دەیەوێ هەموو شت بە خێرایی بگۆرێ و بۆ پێشکەوتن هیچ شتێك نامێنێتەوە، چونکە شۆڕشیەکان بە بێ هەبوونی ئەزموونی پێویست، دەیانەوێ خۆیان دەسەلات بە دەستەوە بگرن، دەبن بە هۆی پەژیوانی و نارەزایەتی جەماوەرو لەم هەلومەرجەدا بۆ پاراستنی سیستەم، دیکتاتۆری سەربازی، یان هەر شێوەیەکی تر جێگای دیکتاتۆری پرۆلتاریا دەگرێتەوەو جەماوەری خەڵك خۆزگە بە رابردووەوەو دەخوازن. بێرنشتاین بەم بەڵگاندنانە بەو ئامانجە دەگات بە جێگای شۆڕش دەبێ هەوڵی گۆران بدەین.


بێرنشتاین

بێرنشتاین ئامادە نابێت هیچ شتێ دەربارەی یۆتۆپیا ببیستێ. ئەو دەڵێ ئەگەر هاوتەریب لەگەڵ گۆرانەکان بەرەو سۆسیال دیموکراسی و گەشە، ئاستی تێگەیشتن و زانیاری خەڵك نەرواتە سەر، ئەوا سەرکەوتن بەدەست نایەت.

بێرنشتاین لە یەکێك لە وتارەکانیدا دەنووسێت(( نابێ دڵ بە شۆڕشێکی رەها خۆش بکەین، دەبێ بە شێوەی دیموکراتیك و لە ڕێگایەکی ئارامەوە دەسەلات لە کۆمەڵگا بگرینە دەست. دەبێ دەروونی خەڵکی رەشۆکی رۆشن بکەینەوەو بە ئاگایان بێنینەوە و لەوە بگەن نابێ تەنها بیر لە دابینکردنی بژێوی ژیانی رۆژانە بکەنەوە، دەبێ بەرەو یەکسانی و عەدالەتی کۆمەلایەتی–ئابووری هەنگاو هەڵبگرن، چونکە ئازادی سیاسی بەس نییە بۆ بەختەوەر بوون و بەختەوەرانە ژیان.))

بێرنشتاین ئاماژە دەدات: ((خەڵك بەرامبەر بە ئاکاریان، هەرچەندە زۆر جار خۆیان پێشێلی دەکەن و هەستیارن و باوەر بە کەسێك دەکەن ،کە لە باری ئەخلاقیەوە کێشەی نەبێت، کەوایە هەر شۆڕشگێرێکی ڕێگای سۆسیالیزم ، سەرەتا دەبێ خۆی بە چەکی ئاکارییەوە تەیار بکات و سەرچەشن و نموونە بێت بۆ ئەوەی خەڵك قسەو کردەکانی قبووڵ بکەن و پشتیوانی لێبکەن.

سەرچاوە:
www.zendagi.com